فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان سەرکایەتی کەبوونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئاسایشی نیشتمانی دەکات

سەرکی ئەنجومەنی وەزیران و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان محمد شیاع سودانی، سەرکایەتی کەبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی ئاسایشی نیشتمانی کرد بە ئامادەبوونی بەرپرسان ئەندامانی ئەنجومەنەکە.

لیوای هێزە تایبەتەکان یەحیا ڕەسول عەبدولا وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان لە ڕاگەیەندراوەکدا ڕایگەیاند:"لە کەبوونەوەکەدا تاوتوێی سەرجەم بارودۆخی ئاسایشی وێنا کرا لەگەڵ بتەوکردنی جێبەجێکردنی پلانە ئەمنییە پێویستەکان بە بەرقەرارکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە سەرانسەری عێراقدا".

لە میانی کەبوونەوەکەدا تاوتوێ پشتگیری کردنی دەستەی دەروازە سنوریەکان کرا بە ئەو هەوڵە مەزنانەی کە لەلایەن کارمەندەکانیانەوە ئەنجام دەدرێن، هەروەها سەرکی ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی کرد کە پشتیوانیان بکرێت بە کارمەندە مرۆییەکان و تەرخانکردنی دارایی و کەلوپەلی تەکنیکی بە بەهێزکردنی هەوڵەکان لە کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و ڕەگریکردن لە پرۆسەکانی قاچاخچێتی کە ئەنجامدەرەکانیان هەوڵدەدەن زیان بە ئابووری نیشتمانی بگەیەنن، جگە لەوەی جەختی لەسەر

نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی ژێرخانی ئاو پارێزگایانە کردەوە کە دەروازە سنووریەکان لەخۆدەگرێت.

هەر لە کەبوونەوەکەدا تاوتوێی بارودۆخی قەزای شەنگال کرا، کە تیایدا سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لە سەر پاڵپشتیکردنی دەسەڵاتی دادوەری کردەوە لەگەڵ کارکردن لەسەر بوونی هەموو فەرمانە خزمەتگوزارییەکان لە شەنگال، بە ئاسانکردنی ئەرکی هاوڵاتیان لە تەواوکردنی مامەڵە تایبەتییەکانیان، سودانی فەرمانی کرد بەردەوام بن لە کارکردن بە دابینکردنی ژینگەیەکی گونجاو کە هانی ئەو کەسانەی شەنگال بدات کە ئاوارەن لە پارێزگاکانی تر بگەڕێنەوە بە قەزاکەیان و بەشداری بکەن لە بنیاتنانەوەی.

ئەنجومەنەکە جەختی لە پشتیوانیکردنی هەموو هەوڵەکان کردەوە بە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچەکانی عێراق بە ئەوەی حکومەت و وەزارەتەکانی بەردەوام بن لە جێبەجێکردنی پلانەکانی چاکسازی و پەرەپێدان.

هەروەها ئەنجومەنەکە تاوتوێی چەند بابەتێکی دیکەی کرد کە لە خشتەی کارەکانیدا و ڕەوشەنی پەویستی سەبارەت بەو بابەتانە گرتبەر.